www.kurdistannet.org

## به فاکت، له پێناوی یەکێتییەك وەك قوربانیان!

پێشەکی سوپاس بۆ کاك موزەفەر و فەتاح و عەلی، ئەمجار بۆ کاك دڵشاد و ئامانج...

پاش ولأمدانەوەی بۆچوونی ئەم بەڕێزانە، هەڵویستی خۆم لە بارەی بۆچوونەکانی سەلاح شوان و حەمەسەعید دەردەبڕم کە دوێنێ، لە ژووری(پێشکەوتوخوازان) دەریانبڕی.

بەڕێزان: وتارەکانتانم بە وردی خوێندەوە، دەست وقەڵەمتان بەرزبێت.

١- کاك موزەفەر، لە پەیوەست بە جینوساید، باسی راست و چەپ و"خزمەتکردن بە حزبە *کۆنەپەرەستەکان*"دەکا. لەم بارەیەوە تەنها ئەوەندە دەڵێم: جینۆساید

ا- دژی بوونی رەگەزێکە بە ژینکەکەیەوە.

ب- دژی چینی کرێکار و پرۆلیتاریای پیشەسازی نییە.

پ- دڕندایەتییکی سەرشێتانەیە و پەیوەندی بە ئیدۆلۆژییەکانی ناو بەرەی قوربانیانەوە نییە. تەنانەت تاوانبارەکەی ئەوەندە سەرقاڵی لە ناوبردنە، ملهوڕانە، هەموو خانوومالْ، کانی و هەموو پێکهاتی قوربانییەکانیش تەخت دەکا.

ت- ئاستی هوشیاری مرۆڤایەتی گەیشت بەوەی، کۆمەڵکوژی پێناسە بکات و لە دژی راوەستێت، چونکە هیچ هێزێك، بە هیچ بیانویەکدا، بۆی نیبە بوونی کۆمەڵگایەك بخاتە مەترسییەوە.

ج – زۆربەی هەرە زۆری ئەو٢٠٠٠٠هەزار کەسە، خەڵکی تسیڤیل بوون و هیچ بەرپرسیارییەکی شەخسیان نەبووە لە پەرەسەندنی سیاسەتی ئەو قۆناغە. بۆیە دەڵێم: هیچ هێزێك بۆی نییە، سیاسەت وکردارەکانی نەیارەکەی بکا بە بیانوویەك بۆ جینوسایدی هەموو رەگەزەکەی.

چ- ئەو نموونانەی رووم تێکردوون، تاقیکردنەوەی قۆناغی جیاجیای ئەو گەلانەن کە رووبەڕووی سیاسەتی قڕکردن بوون. هەموو مرۆڤایەتی، لە گەلیاندا سمپاتی پیشاندەدەن. هەموو زیندانە سیاسیەکانی کاتی هیتلەر، لە زیندانییە کۆمونیستەکانەوە تا، ئەنارشیست، سۆسیال دیموکرات، لیبراڵ، جوو...هتد هەر هەموویان بە یەك ناو ئیشیانکرد و پاش٥٠ساڵ خەبات، بە رەمزیش بێت، بە ئامانجەکەیان گەیشتن. بە درێژایی ئەم ماوەیەدا، هیچ لایەنێکیشیان(وەك قوربانی نازییەت)، باسی چەوتی هەڵویستی سیاسەتی لایەنی یەکتری نەهێنایە ئاراوە. ئێستا بەڕێزتان و حزبەکەتان هاتوون بە شێوەیەکی زۆر نادرووست، قوربانیان لە قاڵبی حزبی دەدەن! ئیدیعایش دەکەن، کە گوایە"*زۆر جار ئەو تێروانین وکردەوانە کاریکاتوریانەیە نەك واقیعانەیە*.". دەبێ لەوە واقیعیتر چ بێ؟ بە رای ئێوە، کە حزبەکەتان بە بۆنەی تاوانەکەی ئاوایی خێڵی حەمە، بەیاننامە و نامەی سەرەخۆشی...هتد بۆ یەکێتی نارد، بوون بە ناسیونالیست؟نەخێر، هەڵویستێکی زۆر واقیعی و باشتان نواند.

چ- لە١٩٨٨/٣/١٧وە تا ئێستا لە دەیان ئەکتسیونی هێرشبردن بە سەر ئەم باڵوێزخانە و ئەو سەنتراڵی حزبی دەسەڵآتدار و ئەو بیرۆی هێڵی ئاسمانی عێراقی بەشداریم کردووە هەروا سزای زیندانی و پووڵی و هەرەشەی دەرکردنم لێ کراوە، کە بوون بە شوێنی شانازی هەموو کەسێك، ئێستا بەو بەیاننامە شڕەی حزبەکەت و ئامۆژگارییە بێ کەڵکەکانت هاتووی تانەی ئەوەم لێ دەدەی، ئەمساڵ بە تەنیا لە سوچێکی ماڵەکەم یادی هەڵەبجەم کردووە. برا ئەوەندە فرسەت تەلەب مەبە. ئەمساڵیش هەر لە سەرەتاوە بەشداریم کرد لە رێکخستنی کەمپین و ئێستایش بەردەوامە و سەدان کەسی زۆر دڵسۆز و وریا و چالاك کاری بۆ دەکەن، من هیچم لەوان زیاتر نییە، بگرە ئەوان زۆر لە من چالاکانەتر کاری بۆ دەکەن. هەروەها بە نووسینی چەندین ووتار و بەشداری لە سمینارەکانی پاڵتاك بەشداریم

www.kurdistannet.org

کردووەو بۆ بەهێز بوونی هەوڵم داوە. بەرامبەر بەم بەشداری کەمەی من، ئێوە بیانووی فاشیستەکان دووبارە دەکەنەوە، دوو بەرەکی دەکەن و هێشتا هەر سوورن لە سەری! جەلاد و قوربانی بە یەك چاو تەماشادەکەن! ئەگەر فاتمەکان، گەلی کوردستان بن، باوکەکانیشیان سەددام، ئەوا ئێوەش وەك لایەنگیرانی ئەو باوکە تاوانبارانە، دەتانووت،: ئەگەر فاتمەکان هەڵەیان نەکردبا، باوکەکانیان نەیاندەکوشتن!

ح- لە بارەی جینۆساید وەك هومانیستێك هەڵویست وەردەگرم. ئێوەش ئازادن لەوەی من بە رۆشنبیری وردە بۆرژوازی لە قەڵەم بدەن. پۆلیس و زیندانی لە تەنیشت یەك بوون بە قوربانی ژەهر، ئێوە دیفاع لە زیندانییەکە دەکەن، و دەڵێن بمرێ پۆلیس! ! ! برا منیش هەردکیان دەکەم بە سەنگەری خۆم، چونکەی وەك مرۆڤ قرکران، نەك وەك ناسنامەی چینایەتی! لە ئاستی جینۆسایدا، مارکسیزم، ناسیونالیزم و هەموو بیروباوەڕکان، پێشکەش بە ئێوە دەکەم، من رووتوقووت وەك مرۆڤ لە دژی رادەوەستم!. ئێوە نە لە بارەی جینوساید، نە لە مێژووی خەباتی بزووتنەوەی شیوعی، نە لە بارەی مەسەلەی ئافرەتان، نە لە بارەی بزووتنەوەی دژی جیهانگیری سەرمایەداری و نە لە بارەی جەنگ...هتد هەڵویستی کۆمونیستیتان هەیە، بەڵکو بەشێکن لە کروپە ترۆتسکییەکان، بە زەقترین شێوە سەرلێشێواویتان پێوە دیارەو تەنها بە هەندێ دروشمی بریقەداری"رادیکال"دوور لە واقیع، بزووتنەوەی ماددی خەباتی شیوعییەکانی جیهان لە ماوەی پتر لە ٨٠ساڵ، دەسڕنەوە و وەك زێکتێك خۆتان بە ئەڵتەرناتیڤی ئەو بزووتنەوەیە دەزانن! لەمە خوردە بۆرژوازیتر و نارسیستر هەیە؟ئێوە دەتانەوێ بە زۆر خۆتان دووپات بکەن، بۆیە بیروباوەڕی کۆمونیستیتان کردووە بە کاریکاتۆرێك، خەڵك گاڵتەجاڕی پێدەکات!

خ- ئاشتی، داخوازی جەماوەر بوو(ئێستاش)، منیش لەو بڕوایە بووم کە رۆشنبیران، هونەرمەندان دەبێ کۆلەکتیڤانە بەشداری راستەوخۆ بکەن لە کێشەی ناو کۆمەڵەکەیان. سەرەڕای بەردەوام نەبوونی، شانازی بەو هەنگاوە دەکەم. تا پێم کرا هەڵویستی سەربەخۆیی و متمانەی ئەو بەرێزانەی پشتگیریمانیان کرد، پاراست. ئەو کاروانە بەرهەمی هوشیاری رۆشنبیری کوردستان بوو لە دەرەوەی وەڵات، هەمووشمان لە ئاستی درێژەپێنەدان، کەموکۆڕییەکان و دەستکەوتەکانی بەرپرسیارین. ئەو هەنگاوە، هەوڵێك بوو لە چوارچێوەی هەوڵی بەرزکردنی دەنگی هێزی چوارەم، بە داخەوە، بە کردەوە پێشاندرا کە ئێمە هێشتا بۆ گێڕانی ئەو ئەرکە پێنەگەیشتووین! هیوادارم رۆشنبیران لەوە زیاتر لە شوێنی خۆیان رانەوەستن، هەوڵی هەنگاوێکی کۆلەکتیڤانەی پوختەتر و سەرکەوتووانەتر بنێن.

لە دواییدا هێوادارم ئێوەش بەشداری لە چالاکییەکانی کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال بکەن. ئەگەر کۆمونیستێك لە بارەی تاوانی بەکۆمەڵکوژی مرۆ وەك هیومانستێك هەڵویست وەرنەگرێ، کۆمونیست نییە، وای دابنێن، "کوردستان، پنتاگۆن و سەنتەری بازرگانی جیهانییە"! ! !

لە بارەی نووسینەکەی کاك فەتاح دەڵێم:

١- کاکە کەس باسی تاوانەکانی یابان ناکا، هیرۆشیما و ناکازاکی وەك تاوانی دژی مرۆڤایەتی چوونە مێژووەوە. ئێستاش پێشنیار دەکەم، ئێوەش بە دروشمەکانی خۆتانەوە بچنە ناو بزووتنەوەی جەماوەری سەربەخۆی کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال؟ نەخێر، ئەمە ناکەن، ئێوە ئەرکی چینایەتی لەوەدا دەبینن، قوربانیان لە بێژن بدەن: فلان جەستە، بۆرژوازییە، ئەو ئافرەتە بە گاز خنکێنراوە، بۆرژوازی بچووکە، ئەو جەستە بە گاز خنکێنراوە، پرۆلیتارییەکی هوشیارە، ئەوی تر، ناهوشیار. ئێوە بە ناوی تێگەیشتنی چینایەتییەوە، دەتانەوێت بلێن، ئەگەر سیاسەتی بۆرجوازی کوردی نەبوایە، پرۆلیتارەکانی هەڵەبجە و سێوسێنتان و گۆبتەپە، قرنەدەکران! لەم تێگەیشتنە بۆ جینۆساید، سەقەت و هەڵەتر هەیە؟منیش لە بەرامبەرتاندا

www.kurdistannet.org

دەڵێم، دۆستان، لە ٣/١٦دا دەبێ هەموومان بە یەكدەنگ و بە یەك ڕەنگ، وەك مرۆڤ لە دژی فاشیستەكان ڕاوەستین. باسكردن لە: بۆ، چۆن، كەی ، لە وانەیە و ئەگەر، نرخی پوشێكیان نییە، بگرە بەشداریكردنە لە تاوان.

٢- كاكە پرسیاری حیزبی و نا حیزبی ناهێنمە ناو پرسیاری جینۆسایتەوە، بە پێچەوانەوە، بە گوێرەی توانام، تەنها داكۆكی لە یەكگرتوویی هەمووان دەكەم. بەداخەوە بەرێزتان لەوەدا ڕاستیتان نەپاراستووە. با هەموو داخوازییەكانی قوربانیان لە تەنیشت یەكتری ڕیز بكەین!

٣- لە پەیوەست لە گەڵ جینۆساید، من سەر بە هەموو مرۆڤایەتیم لە دژی كۆمەڵكوژ، چونكە لە هیچ باروودۆخێكی سیاسی و لە ژێر هیچ مەرجێكدا، هیچ هێزێك بۆی نییە كۆمەڵكوژی بكا. تكایە لەم پەرەگرافە تێبگەن!

لە بارەی وتارەكەی(عەلی مەحمود محەمەد)ەوە، ئەوەندە دەڵێم كە بە نیاز خاوێنییەوە نەینووسیوە، بۆیە شایەنی ئەوە نییە وەڵامیشی بدەمەوە.

لە بارەی بۆچوونەكانی صەلاح شوان و حەمەسەعید

پێشەكی دان بەوە دەنێم كە من نە سەلاح شوان دەناسم و نە ئەوانەی لە بواری گۆڤار و ڕۆژنامە كوردییەكانی بەعس كاریان كردووە. ئەو كاتە من"خەڵكی ئۆروگوای" بووم، بڕوام بە خەباتی پارتیزانی ناو شار هەبوو. لە ساڵی١٩٧٦دا لە بەغدا لە وەزەراتی پەروەردە فەرمانبور بووم. جارێكیان ئەحمەد حەسەن بەكر بۆ ئەوێ هات، گاردەكانی لە هیچ و خۆڕایی تێرشەقیان كردم!! ئەو كاتە گوێم لە ناوی عوسمان فایق بوو، ئەمیش لە لایەن هاوڕێ خۆشەویستەكانمەوە(لەو ڕۆژانە)گۆڕبەگۆڕ كرا.

بە سەلاح شوان دەڵێم:

١/ ترسنۆكی نوقسانی نییە

٢/ هەڵوێستی حیزبی شیوعی عێراقی هەڵە هەبوو، نەك كابرایەك وەك حەمەسەعید. حیزبی شیوعی عیراق و كوردستان، لە ساڵانی ڕابردوودا و لە بۆنەی جیاجیادا، بە دەیان جار ڕەخنەیان لەو هەڵوێستە وەرگرتووە. پاشان بە هەزاران خۆبەختكەریان هەیە لە دژی دەسەڵاتی فاشیست لە عیراق.

٣/من ناتوانم بڕوا بەوە بكەم، بەرپرسێكی دەزگایەكی وا ژەهراوی، فشاری لە سەر نەكرابێ، ببێ بە بەعسی یا بەعسی نەبووبێ.

٤/ نامە پڕ جوێنەكەت بە دایكی حەمەسەعید، زۆر بێ ڕەوشتانەیە. تۆ دەبێ، دوور لە هەر ناكۆكی و جیاوازی بۆچوون، بە بێ چەند و چۆن، داوای لێبوردن بكەی لە حەمەسەعید و خوێنەران. كاك كەمالیش دەبێ بە زووترین كات ئەو نامەیە لاببات.

لە بارەی بۆچوونەكانی حەمەسەعید سەبارەت بە كوردستانپۆست دەڵێم:

١/ تۆ بە خۆیشت لە كوردستانپۆست ووتارت بڵاودەكردەوە.

٢/كاك كەمال بەرپرسیار نییە لە كردەوەكانی باوكی یا هەر كەس و خزمێكی تری. ڕەخنەكانت لە بارەی باوكییەوە، پەیوەندی بە ئەقڵی خێڵەكییەوە هەیە.

www.kurdistannet.org

٣/تویش پەنات بردووە بۆ سوکایەتی پێکردن و جنێودان بە ئەو.

له بارەی بۆچوونەکانی حەمەسەعید لە بارەی هەڵەبجە و ئەنفال:

هەڵویستێکی چەوتت وەرگرتووە لە بارەی هەڵەبجە و ئەنفال. ئەم هەڵویستە خزمەت بە یەکگرتنی دەنگی قوربانییەکان ناکات. نەدەبوایە کارەساتەکەمان بۆ مەبەستی هێرشکردن بە سەر بەشێك لە بەرەی قوربانیان بە کاربهێنیت. دەبیَ هەر یەکێك لە ئێمە، لە چوارچێوەی بیرکردنەوە و هەڵویستوەرگرتن لە بارەی ئەو تاوانانەی کە لە جیهاندا بە جینۆساید ناسراون، دەرنەچین. زۆر ئاساییە رەخنە لە خۆت بگری. بەش بە حاڵی خۆم، هەموو هێزێکم دەخەمەگڕ لە دژی ئەوانەی بیانوی فاشیستەکان دەلێنەوە(حککا، تۆ و هەندیَ دەنگی تر)، تا ئەو رۆژە، **هەموو گەلی کوردستان بە یەکدەنگ و بە یەك رەنگ و لە یەك بەرەدا رادەوەستین.** دەستت خۆش بێت بۆ ئەو سوکایەتییانە کە بە منت کردووە. سووکایەتی پێکردن زۆر ئاسانە، بەڵام هەڵویستی جوامێرانە سەختە. لە یەك شتدا هەستی منت بریندارکردووە بەوەی کە لە ژووی پێشکەوتنخوازدا گوتت"هەندیَ کەس هەیە خۆیان بە هەڵەبجە و ئەنفال هەڵواسیووە". من وڵامی ئەم درۆ زۆر نزمەم داوەتەوە. ئەو ئاستە نزمە پیرۆزی خۆت بیَ، من هەرگیز نایەمە ئەو ئاستە.

لە دواییشدا دەڵێم: هەرچییەك بۆ کارەساتەکەمان بکەین هێشتا کەمە.

هیوادارم سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم. رێزم هەیە بۆ کاك دڵشاد و کاك رێباز، هیوادارم زیاتر هەوڵ بدەن، لەم بارەیەوە بنووسن. سوپاسی هەموو ئەوانەش دەکەم کە بە ئیمیل و بە نووسینی جۆراوجۆر پشتگیریی و دەستخۆشیان لیَ کردم.

هوشیاریمان لە بارەی جینوسایدی گەلەکەمان کەمە، بۆیە وا بە پەرتەوازی هەڵدەدەین و لاوازین، جیهانیش نایەت بە دەنگمانەوە. لێرەدا(پ.ك.ك)دەکەم بە نموونە: ئەمساڵ بە یادی نەورۆز ٣٠هەزار کەسیان کۆکردەوە، بەڵام ئێستایش پاش ١٤ساڵ ئامادە نەبوون، هێزەکەیان بۆ چالاکی دژی جینۆسایدی گەلەکەیان تەرخان بکەن......

هەموو نووسین و هەوڵێك لە پێناوی یەکێتی بەرەی قوربانییانی تاوانی هەڵەبجە و ئەنفال

سەلام عەبدوڵلا

٢٠٠٢/٣/٢٩